محەمەد حاجی مەحمود داوای کۆبونەوەیەکی فراوانی سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکوردستانییەکان دەکات



محەمەد حاجی مەحمود سەرکی پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان لەبانگەوازکدا داوای کۆبونەوەیەکی فراوانی سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان دەکات و راشیدەگەیەنێت، هەوبدرێت بۆ راگرتنی ئەو هەرشە ناەواینەی کە دەکرێنەسەر هەرێمی کوردستان".

محەمەد حاجی مەحمود لەبانگەوازك کە ئاماستەی سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکانی کردوە رایگەیاندوە، "لەسۆنگەی هەستکردن بەبەرپرسیارێتی و هەستیاری بارودخەکە، کە شەكی نەخوازراو لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیلەوە لەدژی کۆماری ئیسلامی ئێران بەسەر ناوچەکەدا سەپێنراوە و پێی ناوەتە دەیەی دوهەمی و تەواوی ناوچەکەی گرتوەتەوە بە هەرێمی کوردستانیشەوە، بۆ ئەوەی چیتر کوردستان نەبێتە مەیدانی شەك کە شەی کورد نییە و ئاشکراشە کە توانای یاریکردنی لەنوان ئەو وڵاتە زلهێزانەدا نییە".

راشیگەیاندوە، لەپێناو پاراستنی قەوارەی هەرێم و میللەتەکەمان، داوا لەسەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکان دەکەم کە بەرژەوەندییە حزبییەکان وەلاوە بنێن و هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ بۆ ئەنجامدانی کۆبونەوەیەکی فراوانی سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییە

کوردستانییەکان لە نزیکترین دەرفەتدا وەک زەروریەتکی حەتمی قبناغەکە بۆ پاراستنی سەروەری و دەستکەوتەکانی کوردستان".

لەپاشخانی بانگەوازەکەیدا محەمەد حاجی مەحمود داوایکردوە، هەوبدرێت بۆ راگرتنی ئەو هێرشە ناەوایانەی کە دەکرێنەسەر هەرێمی کوردستان لەلایەن ئەو لایەنانەی کە هەوە دەدەن خێیان بخەنە ناو ململانێکە و خێیان و وڵاتەکەیان دەخەنە ژێر مەترسی گەورە.